فەرهەنگ

# فەرهەنگی کوردستانیکا

ئینگلیسی - کوردی - فارسی

(بەرگی یەکەم)

عەلی جەوشەنی

www.ketab.ir

سرشناسه : جوشنی، علی، ۱۳۵۵ -
عنوان و نام پدیدآور: کوردستانیکا: فەرهەنگی ئینگلیسی - کوردی - فارسی/ عەلی جەوشەنی.
مشخصات نشر: کرج: انتشارات مانگ، ۱۳۹۴-
مشخصات ظاهری: ۲ج.
شابک: دوره: ۳-۲۱-۷۷٤۸-۶۰۰-۹۷۸ ؛ ج. ۱: ۰-۲۲-۷۷٤۸-۶۰۰-۹۷۸ ؛ ج. ۲: ۷-۲۳-۷۷٤۸-۶۰۰-۹۷۸
وضعیت فهرست نویسی: فیپا
یادداشت: انگلیسی - کردی - فارسی.
یادداشت : ص.ع. به انگلیسی: Ali Jawshani. Kurdistanica dictionary English-Kurdish-Persian.
موضوع: زبان انگلیسی -- واژه‌نامه‌ها -- کردی
موضوع: زبان انگلیسی -- واژه‌نامه‌ها -- فارسی
رده بندی کنگره: ۱۳۹۴ ۹ج۴ک/ ۱٦٤٥ PE
رده بندی دیویی: ۴۲۳/فا۹ک
شماره کتابشناسی ملی: ۲٦۸۷۹٦۷

چاپەمەنی مانگ
www.mangpub.com
بەڕێوەبەری هونەری: ئیسماعیل ڕەزایی
بەڕێوەبەری چاپ و بڵاوکردنەوە: هادی کیا
فرۆشگای ناوەندی: بانە - ژمارەی پێوەندی ۰۸۷۳٤۲٦۱۰۲۰

فەرهەنگی کوردستانیکا (بەرگی یەکەم)

- نووسەر: عەلی جەوشەنی
- بابەت: فەرهەنگی زمان
- بڵاوکەرەوە: چاپەمەنی مانگ
- چاپی یەکەم: ۱۳۹٤ (۲۰۱۵)
- تیراژ: ۱۰۰۰ دانە
- (دەورە) ISBN: ۹۷۸-٦۰۰-۷۷٤۸-۲۱-۳
- (بەرگی یەکەم) ISBN: ۹۷۸-٦۰۰-۷۷٤۸-۲۲-۰

مافی لەچاپدانەوە و هەر جۆرە بڵاوکردنەوەیەکی ئەم بەرهەمە پارێزراوە بۆ چاپەمەنی مانگ.

# پێشەکی

ئەوەی کە دەیبینن، بەرهەمی پازدە ساڵ حەوڵ و تێکۆشانی بێوچان و شێلگیرە کە ئەم کارەی لێکەوتۆتەوە، دیارە تەمەنی فەرهەنگنووسیی لەم ئاقارە ساوایە و لەچاو رەوت و ئەزموونی فەرهەنگنووسیی چەند سەدساڵەی رۆژاوایی‌یەکان شتێکی وا نییە. شایانی باسە کە لەوبارەوە تاک و تروک کار کراوە، بۆ ئەوە نابێ بڵێین خاوەنی مێژوو یان شێواز و میتۆدی فەرهەنگنووسین، و ئاشکراشە بۆشایی و کەمی‌یێکی بەرچاو بەدی‌دەکرێ، کە بە داخەوە تا ئێستا حەولێکی هەمەلایەنەی بۆ نەدراوە و زۆربەی زۆری فەرهەنگەکان لە لایەن کەسێکەوە دانراون. ئەمەش خۆی لە خۆی‌دا ئەوە دەرەخسێنێ کە فەرهەنگ بە شێوەی چاوەروان‌کراو نەبێ و مۆرکی تاکەکەسی پێوە دیار بێ. ئەوە بنەمایەکە کە دەبێ فەرهەنگ لە لایەن لێژنە و کومیتەیەکی زمانەوانی‌یەوە دانرێ، بەڵام لەم وڵاتە بێ... وەکوو شتێکی نەکردی لێهاتووە یان وازوو نابێ چاوەروانی فەرهەنگێکی وا بکەین.

ئەم فەرهەنگەی بەردەستیشتان هەر حەولێکی تاکەکەسی‌یە و بە هەڵە و پەڵەی خۆیەوە. جا داوا لە خوێنەر، نووسەر و دڵسۆزانی زمانی کوردی دەکەم لەم بارە چەوتی و لاری‌مان بۆ راست کەنەوە. چاوەروانی بیر و بۆچوون و پێشنیاری هەموو لایێ دەکەین تاکوو فەرهەنگێکی پوختەتر بێتەبەرهەم. شتێ کە دەبێ لێرەدا ئاماژەی پێ‌بکەم، ئەوەیە کە رێنووسی ئێستای کوردی (ئەم رێنووسە) شپرزەیە و یەکدەس نییە، کە بە داخەوە هەتا نووکە هەنگاوێکی وای بۆ هەڵنەهێنراوەتەوە، هەڵبەتە ئەم شێواوی‌یە لە ئینگلیسی و... هەیە. بەڵام لەم فەرهەنگەدا ئەوەی کە زۆرتر حەولی بۆ دراوە، شێوەی ئاسان‌نووسی‌یە و نەمان‌ویستووە شێوەیەکی میکانیکی بگرینەبەر (هەڵبەت ئەم نایەکدەستی‌یە لێرەش‌دا بەرچاو دەکەوێ).

پرسێکی گرنگ کە دەبێ لێرەدا باسی بکەم ئەوەیە کە بەکارهێنانی چاوگ لەجیاتی ناو (noun) یان کار (verb) لە زمانی کوردی‌دا دیاردەیەکی زۆر باو و دەستووری‌یە و مخابن زۆر نووسەر لەو شتە پرینگاونەتەوە، یان تەنانەت جاری وایە لە نووسراوە یان فەرهەنگەکان‌دا لە بەرامبەردانان‌دا لەبەرچاو نەگیراوە. وەکوو abatement (کەم‌بوونەوە، سووک‌بوونەوە، داشکان، نیشتنەوە، هاتنەخوارێ، دابەزین، نزم‌بوونەوە، دامرکان) کە خۆی ناوە، بەڵام لە کوردی‌دا بە یارمەتی چاوگ کە بە واتایەکی‌تر دەتوانین بڵێین هەمان ناوە، مانای کەینەوە. رەنگە سەرەکی‌ترین کێشەی ئەم فەرهەنگە تیانەبوونی

www.ketab.ir

کارەکانە کە دەگەڕێتەوە بۆ کۆمەڵێ هۆی خۆی (گرنگترینیان پێوەندی بە لایەنی تەندروستی‌یەوە هەیە). شتێ کە دەبێ لێرەدا باسی بکەم ئەوەیە کە لە بەرامبەر وشەی وا هەیە نیشانەی پرسیاری بۆ دانراوە، ئەویش ئەوە دەگەیێنێ کە دڵنیایی‌یێکی تەواو لە ئارادا نییە و جا هەر لێرەوە دەستی هاوکاری بۆ هەموو لایێ رادەکێشم ئەگەر بەرامبەری کوردی رەسەن یان گونجاویان پێ شک هات بەم ناونیشانە (kurdistanica@ymail.com) ئاگادارم کەنەوە.

ئەم فەرهەنگانە بوونەتە بنچینەی کوردستانیکا:

- *A. Oxford Advanced Learner's Dictionary,* Fourth, Sixth, Seventh and Eighth Editions
- *B. Concise Oxford Dictionary* – Tenth Edition
- *C. Oxford Wordpower Dictionary,* Third Impression
- *D. The Oxford Paperback Thesaurus,* First Edition
- *E. Webster's Collegiate Dictionary,* 11th Edition
- *F. Random House Webster's Electronic Dictionary and Thesaurus,* College Edition
- *G. Longman Dictionary of Contemporary English,* Fourth Edition, Fourth printing 2011
- *H. Cambridge Advanced Learner's Dictionary* - 3rd Edition
- *I. Collins COBUILD Advanced Dictionary,* First and Second Editions
- *J. Longman Dictionary of language teaching and applied linguistics,* Third Edition
- *K. Longman Lexicon of Contemporary English,* Tom McArthur
- *L. The Concise Oxford Dictionary of Linguistics,* P. H. Matthews
- *M. A dictionary of Architecture,* James Stevens Curl (Oxford)

نیودێرکردنی ئەم فەرهەنگانە بەو مانایە نییە کە فەرهەنگی ترمان چ بریتانیایی و چ ئەمریکایی بەکارنەهێنابێ.

لە دوایی‌دا دەبێ پێ‌زانین و سپاسی تایبەتی خۆم بۆ ئەو کەسانە دەربڕم کە بە هەر شێوەیێ دەسیان گرتووم و یاریدەیان داوم بە تایبەت دایکم (دادە نووسرەت)،

خوشکم (داده هاجەر) و خێزانم (مینا خانم) کە زۆرم پێوە ماندوو بوون و لەو بارەوە شەونخوونی‌یان لەگەڵ کێشاوم. هەروەها دوکتور حەسەن عەباسی، دەنگی ئەمریکا بەشی کوردی‌یەکەی (ب.ت. بەرنامەی "زمانی مە"، هۆمەر دزەیی و مایکل چایەت)، دوکتور مەنوچێهر قارەمانی، دوکتور کەندال نەزان، کاک عەلی فەقێ کەریمی، دوکتور کاوە دەستوورە، کاک ئاسۆ مامزادە، کاک شەهاب خزری، کاک ئەمجەد غولامی، دوکتور رەحمان وەیسی، دوکتور بەختیار سەجادی، چاپەمەنی مانگ، دوکتور ئومێد قادرزادە، دوکتور حسێن میکاییلی، دوکتور ئەبوبەکر باپیری، دوکتور جەعفەر شێخولئیسلامی، دوکتور رەحیم سورخی، کاک محەمەد رەمەزانی، کاک ئەحمەد غولامی، کاک وریا دیوانی، دۆستان و برادەرانی رۆژهەلاتی هەولێرنشین (ب.ت. کاک رامان پیرۆتی)، کاک ع. ئ.، کاک سابیر ئەمیری، کاک پەیمان ئەمیری، کاک کەریمی سازفرۆش، کاک مەنسوور بەهرامبەیگی، کاک وەفا بوداغی، کاک حەمەدەمین شاسەنەم، کاک محەمەد ئەحمەدی، کاک هێمن خوسرەوی، کاک ئەرسەلان هیدایەتی، کاک قادر ئازمەند و کاک رێبین جەوشەنی (بۆ باری خەمڕەوێنی‌یەکەی) و هەموو ئەو بەڕێزانەی (ب.ت. پیاوە پیرەکان، وەک حاجی عەبدوللا گەنجەیی، بەهەشتی حاجی شەریف تەیموری، حاجی عەلی قازی، مەلا رەسووڵ مەعرووف، حاجی سمایل شەڕەفی، کاک خالید عەسکەری، وەستا محەمەد حوسەینی (سەعاتساز)، ئاسن‌گەری وەستا رەحیمی ئاسن‌گەر و ئەوان و...) کە وەخت و ناوەخت بەربینگم پێ‌دەگرتن یان هەواڵی فەرهەنگەکەیان لێ پرسیوم. شایانی ئاماژە پێ‌کردنە ئەگەر هەر جۆرە هەڵە، نەگەیاندن، بەدەستەوەنەدان و یان گرێ‌وگۆڵێک لە گۆڕێ‌دابێ یەکسەر دەگەڕێتەوە بۆ نووسەر و چ کەس و لایەنێ ناگرێتەوە.

عەلی جەوشەنی
خاکەلێوە یان ئاپریلی 2012

www.ketab.ir